# تەسریحە و بەدلەکەی شازادە(کیت) چۆن بوو!



دیزاینەری قژ (ڕیچارد وۆرد) کە تەسریحەی قژی شازادە کیت میدڵتۆنی کرد، دوپاتی کردەوە کە تەسریحەی قژی بووك کەسایەتی ئەو خانمە دەردەخات و کەسایەتی کیتیش کەسایەتییەکی سادەیە کە شازادە دیانامان بیردەخاتەوە. (ریچارد) وتی رازاندنەوەکەی زۆر سادە بوو، چونکە (کیت) حەزی بە شێوازی گەورەو چڕوپڕ و قەرەباڵغ نییە هەندێك تاڵمان بەرز کردەوەو شتێکی سادەمان کرد، چونکە (کیت) حەز دەکات بەو سادەیە دەرکەوێت کەخەڵکی ناسیویانە و بەهۆیەوە خۆشیان ویستووە، تا ڕاکەشی لەدیزاینی (فلیب ترایسی) کە دیزان بۆ (لەیدی گاگاو جیسیکا بارکر) دەکات، بەڵام وەك دیزاینە شێتانەکەی ئەوان نەبوو، بەڵکو بۆ شازادە میدڵتۆن بوو کە ئەم مەراسیمی ئاهەنگ گێڕانە بە مەراسیمی سەدە ناوزەند دەکرێت. شایەنی باسە بۆ ماکیاژ، ماکیاژێکی زۆر سادەی هەڵبژاردبوو. زۆربەی ئەو بووکانەی کەلەم ماوەیەدا ئاهەنگ سازدەکەن چاوەڕێی ئەم بووکەیان دەکرد تا لەسەر ستایلی ئەم خۆیان بڕازێننەوە بۆ مەراسیمی ڕۆژی ئاهەنگەکەیان.

**لۆلان ئازاد**





# جەنتای خنجیلانە مۆدەی دەگەڕێتەوە

هاوڕێکەی دەستت هەردەم لەگەڵت دەبێ، بۆ گشت بۆنە و شوێنە گشتی و تایبەتەکان، بۆیە ئەگەر بەیەکەوە گونجاندنێك لەجوانیتان نەبێ، بێگومان جوانی خۆتانیش لەدەست دەدەن، کە باسی هاوڕێی دەستت دەکەن، دەبێ بیر لەجەنتا جوان و خنجیلانەکان بکەیتەوە، چونکە شیاوی مۆدەیەکی تایبەت و رازاوەیە، تەنانەت ئاوێنەی جوانییەکی شاراوەیە کە لەجەستە و دەستدا دەردەکەوێ، مۆدە تازەکانی جەنتا لەمارکەی (گوتشی) دەردەکەوێ، شێوەیەکی ناسك و رەوان لەخۆ دەگرێ.

شێوەیەکی بچووك و خنجیلانە، مۆدەی تازەی جەنتاکانە، کە لەگەڵ رەنگێکی کاڵ، لەرەنگەکانی (قاوەیی – زەردی کاڵ- زێڕی – رەش – سوور) شێوازێکی شایستە لەمۆدەکانی جەنتا دەردەکەوێ، تەنانەت بەجوانی و رازاوەیی دەردەکەوێ و سەرنجڕاکێش دەبێ لەدەستی خانمان.

# جوانی ڕەنگی وەنەوشەیی لـ



ڕۆژی ئاهەنگ پێویستی بە شایستەترین مۆدە دەبێ مەبەست لەوەش دانانی ئاهەنگێکی تایبەت و رازاوە بۆ ئەو خانمەی دەبێتە شازادەی ئاهەنگ، ئەمەش لەرێگەی دیاریکردنی کەرەستەکانەوە دەبێ، وادەکات جوانترین مۆدە بێ، کەرەستەکانیش گرنگی خۆیان دەبێ لەم ڕۆژەدا، یان ئەو رەنگەی بۆ کەرەستەکان هەڵدەبژێردرێ، رەنگە لەرێگەی رەنگەکانەوە سوود وەربگرین بۆ دانانی دیمەنێکی شایستە بۆ رۆژی ئاهەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا کەرەستەکان جێگەی جوانی و رازاوەیی دەبن لەرۆژی ئاهەنگ.

بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560


# مۆدەی جلوبەرگی دەوام و زانکۆ بۆ خانمان

گشت جلوبەرگەکان بەپێی شوێن و کاتێکی تایبەت بە خۆیەوە دادەنرێ، ئەمەش وادەکات مۆدەیەکی شایستە و کراوەی لێوە دەربچێت، بۆیە هەوڵبدە جلەکانت بە یەك دەستەوە ڕێکبکەوێ و گونجاندن هەبێ لەنێوانیاندا، ئەمەش بە گوێرەی ڕوواڵەتی جل و ڕەنگەکانییانەوە دەبێتە مۆدەیەکی کراوە، بۆ کاتی دەوام یان زانکۆ، جلەکان دەبێ سادە و ڕازاوە بن، ئەمەش بۆ ئاسوودەیی لەکاتی جووڵانەوە و تەنانەت مۆدەیەکی شایستەش بێ بۆ ئەو شوێنە گشتییانە. ئەو دەستەجلە پێکهاتووە لەدوو بەش، ئەوەی سەرەوە بە کراسێکی درێژ تا سەر ران یان سەر چۆك، یان کراسێکی سادە بێ، کە ڕەنگێکی ناسك هەڵدەگرێ، بۆیە دەبێ لەگەڵ کیلۆتێك یان کۆڵۆنێك بپۆشرێ، ئەمەش یەکسانی لەمۆدەی جلەکەدا دروست دەکا و ڕێکخستنی نێوانیان مۆدەیەکی شایستەی لێ دەردەچێ، لەگەڵ بوونی پێڵاوێکی سادە و وەرزشی، زیاتر مۆدەکە جوانتر دەردەخات، بۆیە دەکرێ سوود لەم مۆدەیە وەربگرین بۆ کاتی دەوام و زانکۆ.



# ڕەنگی پشت چاو و لێو شێوازی ماکیاژت دیاری دەکەن



ماکیاژەکان شێوازەکانیان بەرەو گۆڕانکاری دەچێ، لەگەڵ ئەوەی هەنگاوەکانیان کار ئاسانی بۆ دەکرێ، کەچی لەلای خانمانەوە پێویستی بە ماندوو بوون دەبێ، لەمۆدەکانی ماکیاژدا، تایبەتمەندی و کراوەیی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لەدانانی ڕەنگ و شێواز و ستایلی ماکیاژەکە، بۆیە دەکرێ سوودیان لێوە ببینین کاتێك مۆدەیەك لەماکیاژێکی لەم جۆرە ئەنجام دەدەیت. لێرەدا باس لەدوو لایەن دەکەین، یەکێکیان ڕەنگی پشت چاوەکانە، ئەوەی دیکەش ڕەنگی لێوە.

سەبارەت بە ڕەنگی پشت چاوەکان، دەکرێ ڕەنگی پشت چاوەکان لەگەڵ ڕەنگی دەوروپشتی چاو هاوڕەنگ بێ، لێرەدا دەبێ ڕەنگێکی سادە و ڕەنگێکی تۆخ نەبێ، لەوانە ڕەنگی (ڕەساسی) کە شێوازێکی شایستە و بەرچاو لەخۆ دەگرێ، لەگەڵ بوونی ڕەنگێکی سپی بۆ بە بریقە کردنی ڕەنگی پشت چاو شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەبەخشێ، هەروەها بۆ ڕەنگی لێوت دەکرێ ڕەنگێکی سادە دابنێی کە لەگەڵ ماکیاژەکەدا گونجاو بێ، لێرەدا سوود وەربگرە لەڕەنگی پەمەیی سادە، کە جوانترین ڕەنگە بۆ لێو، لەگەڵ دانانی بۆیەی بریقەدار کردن، کە لێوت بە بریقە بکات، ئەمەش واتای جوانی ماکیاژێکی ڕازاوە دەبێ.

# ـــــەرۆژی ئاهەنگی بووک



ڕەنگی وەنەوشەیی، ڕەنگێکی سەرنجڕاکێشە، دیمەنێکی ڕازاوە دەبەخشێ، دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانی و شێوازێکی شایستە بۆ جلوبەرگ و کەرەستەکانیش، لێرەدا سوود وەرگیراوە لەدانانی کەرەستەکان لەڕەنگی وەنەوشەیی بۆ ڕۆژی ئاهەنگ، کە پێکهاتووە لەگوڵی دەستی بووك، کەرەستەکانی خواردنەوە، کێکی ئاهەنگ، ئەمانەش جوانترین دیمەن دبەخشن بۆ ئەوەی ئاهەنگێکی ڕازاوە و جوان بێ.





# (دارە بزمارە)کەی ک


دارە بزمارە، دارێکە لەنێوان هەولێر و شارۆچکەی پیرمام، کە وەك نەریتێك ئەوەی بەویَ تێپەڕیَ بزمارێکی لێدەدات بە مەبەستی چاکبوونەوە و بەختێکی باش، ئەم دارە کە لە گوندێکی نێوان هەولێر و هاوینەهەواری سەلاحەدین بە هەمان ناوە، درەختێکی کۆن، بەڵام کەوتووە سەر زەوی و لێك ئاڵاو لـــە ئێش و ئازاری هەزاران بزمار کە چووتە ناو لەشی، خەڵکان بڕوایان وایە کە «دارە بزمارە» چارەســـەری سەرئێشە و ددان



## نەخش و نیگاری جوان لەدیوەخانی کوردەواریدا

کەلتـــووری کوردی بـــە چەندەها لایـــەن بەناوبانگە، لەگەڵ ئەوەی دیمەنە کۆنەکان شێوازێکی سەرنجڕاکێش دەردەخـــەن، ئەمەش وادەکات گرنگـــی بە رابردووی خۆمان بدەین و شێوازە کۆنەکان نویَ بکەینەوە، تەنانەت کەلتووری کوردی بە کەرەستە و شتی کۆن بەناوبانگە و دیمەنێکـــی جوانیش لەخۆوە دەگرن، ئەم نەخشـــەیە یەکێکە لەنەخشەکانی ژووری ماڵەکان، کە لەسەردەمی پێشـــوودا بەکارهێنراوە و بەگوێرەی شوێنەکە کاری بۆ کراوە، ئەم نەخشەیە دەگەڕێتەوە سەردەمی پێشوو واتە ساڵانی میرنشـــینە کوردییەکان کە لەژووری میرەکان کاری بۆ کراوە.

## گیاندارێک خۆی دەکات بە تۆپی پێ



گیانداران هەندێکیان هەن مرۆڤ سەرسام دەکەن، تەنانەت دەبنە جێگـــەی لێکۆڵینـــەوە و بەدواداچوون لەسەر شێوە و جووڵـــە و کارەکانی، ئەوەی دەیبنن یەکێکە لەسەیرترین گیاندارن، کە تا ئێستا بە سمۆرەی کێوی ناوزەنـــد دەکریَ، ئەوەی سەیرە لەم گیاندارە، بەهـــۆی بوونـــی قەڵغانێك لەسەر پشـــتییەوە کە وەك کیسەڵ وایە، ئەگەر تەنـــگاو بکریَ، خـــۆی دەچەمێنێتەوە و تا وای لێدێت کە شـــێوەی جەستەی وەك تۆپی پیَ دەربخات، تەنانەت ناتوانی دەســـتکاری بکەیت و تا هەســـت بە ئارامی نەکات نایێتە دەرەوە، یان سەری دەرناهێنێت.



## گەورەترین لووت لە جیهان

ئەوانـــەی دەبن بە خـــاوەن بەهرەیەك یان شـــێوەیەکی تایبەت لەجەســـتەیان، وەکـــو لەرێگەی سروشـــتی یان نا سروشـــتی دەردەکەویَ، کەچی هەندێکیان شتێك لەجەستەیان دەردەکەویَ و دەبێتە حاڵەتێکی سەیر، بۆ نموونە ئەو پیاوە خاوەن گەورەترین لووتە، بەمـــەش دەبێتە خاوەن گەورەتریـــن و درێژترین لووت. هاووڵاتییەکـــی تورکیـــا خاوەنی گەورەتریـــن لووتی جیهانە. ”میهمەت ئوزیوریك“ لەدایکبووی ســـاڵی ١٩٤٩یە و خاوەنی گەورەترین لووتی جیهانە. درێژایی لووتی میهمەت (ئوزیوریك) (٨,٨) سەنتیمەترەو ناوی وەك خاوەن گەورەترین لووتی جیهان لەناو پەرتووکی پێوانەکانی گینس تۆمار کراوە.

# ...وردستان

ئێشە دەکات، بەبڕوای زۆرێك لە خەڵکان ئەم دارە بۆتە هۆی چارسەرکردنی کەسانێکی زۆر. گوندی (دارە بزمارە)ی سەر بەناحیەی پیرمام، بەدووری ٣٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری شاری هەولێر، کەچی ئەوەی سەیر بێ، تەمەنی ئەو دارە دەگەڕێتەوە ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر، بەڵام وادیارە بەم دواییە ئەو دارە کەوتووە و کەسێکیش نییە ڕاستی بکاتەوە.







# نینۆکەکانت بەسوودن!





کارە سەیرەکان لەچەندین بواری جوانەوە دەردەکەون ئەمەش کاتێك کەسە بەهرەمەندەکان بیرۆکەکانیان بەرەو ئاراستەیەکی جێبەجێکردن دەبەن و بەرهەمێکی سەیری لێوە دەردەخەن، دەکرێ ئەو داهێنانە بۆ لایەنی چاکە و خراپە بەکاربهێنرێ، ئەمەش لەڕێگەی کارە سەیرەکانەوە دەبێ، یەکێك لەداهێنانەکان بریتییە لەدروستکردنی کاتژمێرێك کە دەخرێتە سەر نینۆکی پەنجەوە، وەك کاتژمێرێکی ئاسایی کار دەکات و پێویست ناکات کاتژمێرێکی گەورە بخیتە دەستتەوە. لایەنێکی دیکەی بەکارهێنانی نینۆکی پەنجەکان بریتییە لەقۆپیە کردن، دەکرێ کاری نووسین لەسەر نینۆکی پەنجە بکرێ، بەڵام نابێ ئەو کارە ناپەسەندە بکرێ، وەکو ئەو قوتابییە ئەنجامی داوە.

# خەو زاڵمە، گەر لەناو هۆڵی پەرلەمانیش بێت



پەرلەمان ئەو شوێنە پیرۆزەیە کە نوێنەرانی خەڵك لەوێ تاوتۆی لایەنێك لەژیانی خەڵك یان بوارێك لەکێشە و گرفتەکان دەکەن، لەهەندێك وڵاتان لەپەرلەمانەکان دەبێتە هوتێلێك بۆخۆی، یان هەندێك لەپەرلەمانتارەکان خەو دەیانگرێ و ئیتر چاویان ناکرێتەوە، زیاتر ئەوانەی شەوی رابردوو زۆر نەخەوتوون یان ماندوون، یان هەندێك لەئەندام پەرلەمان هەیە، خۆی کەسێکە و حەزی بە خەوە، ئەوەی دەیبینن وێنەیەکە لەپەرلەمانی وڵاتی ئێران وەرگیراوە، لەکاتێکدا (٣) ئەندامی ئەو پەرلەمانە لەخەوێکی خۆشدان، ئەوەی سەیرە چۆن لەناو ئەو هەڵا و دەنگە دەنگە خەویان لێکەوتووە.

# دوو قەڵەوەکە!

کارە سەیرەکان بە دوو ڕێگە دەردەکەون، یان لەڕێگەی سوودفەوە یان لەڕێگەی نەزانینەوە، وێنەی تابلۆکانی سەر دووکان و شوێنەکان بە چەندین وێنەی سەیرەوە دەردەکەون، یان بە نووسینی سەیر و جوانەوە دەبن، وەك ئەوەی دەبینن کە نووسراوە (خواردنگەی دوو قەڵەوەکە)، دەبێ مانای ئەو دوو کەسە کێ بن، خاوەن خواردنگەکە، یان دوو کەسی قەڵەو هەن بەردەوامی سەردانی ئەو شوێنە دەکەن.





## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




هەندێك بەرەوپێشچوونی ئیجابی ڕوودەدات لەم ماوەیەدا دڵخۆش دەبیت، بەڵام یەکێك لەکەسە نزیکەکانت ڕەنگە دووبارە پەرێشان و غەمگینت بکاتەوە، بۆیە ئاگاداری خۆت بە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




بیرو مێشکت بخەرە کار و لەگەڵ دەوروبەریش ململانێ مەکە، ژیربە خۆشەویستم، چونکە ماوەیەکە هەندێك ئاماژەت بۆ دەکرێت و خۆت تێی دەگەیت، بێئەوەی من ئاماژەی بۆ بکەم.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



هەست بەئارامی و گەشبینی دەکەیت و چالاکیت بەرەو باشتر دەچێت، بارودرخ و ژیانت لا شیرین دەکات و لەوانەیە دەستکیەوتنی دارایی و سۆزداریشی لەگەڵ دابێت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢




لەوانەیە مامەڵەکی کڕین و فرۆشتن بکەیت، هەڵچوون و تووڕەیی لێت دوورناکەوێتەوە ئەگەر هەوڵێکی جددی بۆ نەدەیت و ئارام نەگریت، بۆیە خەریکە باری دەروونیت ئاڵۆز دەبێت، بەڵام زوو دەگەڕێیتەوە باری ئاسایی خۆت.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



ئەگەر ئەمڕۆ وتووێژ و گفتوگۆت کرد دەربارەی ئیش و کارەکانت، ئەوا زۆر وریا و لەسەر خۆبە، چونکە بارودۆخ زۆر نارێك و ناگونجاوە بۆ ئەم جۆرە ئیش و کارانە.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



چاو بە پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانت دا دەخشێنیتەوە، باری داراییت بەسەر کۆسپێك زاڵ دەبێت و بەرەو باشتر هەنگاو دەنێت، چاودێری تەندروستیشت بکە.

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی بۆنەیەکی کوردی کە ڕۆژی بەر لەئاهەنگت بۆ دەربچێ.

ە ب ن ن ە ە د ن ا خ

وەڵامی ژمارەی پێشوو (سەفین)




- کوڕێك بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: من دەتوانم بە یەك دەست (٢٠) ئوتۆمبێل ڕابگرم، کچەکە دەڵێ: بۆ خۆ ڤاندام نیت. کوڕەکەش دەڵێ: نەخێر مروورم!

❊❊❊


- کوڕ و کچێك خۆشەویستی یەکتر دەبن، کچەکە حەزی بە قسەی ڕۆمانسی دەبێ و بە کوڕەکە دەڵێ: گیانەکەم وشەیەکم پێبڵێ کە هەستم گەرم بکاتەوە...
کوڕەکەش گوتی: قەمسەڵە!!!

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە





### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



کەسێکی ناودار لە ژیانت، بەتوانا فیکری و پیشەییەکەتەوە کاریگەر دەبێت، تۆش بەمە سوودمەند دەبیت، لایەنی دارایی و سۆزداریت جێی دڵنیاییە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



نەیەڵی دووبارە ڕەشبینی باڵی بەسەر ژیانتا بکێشێت، راستە کەمێك دوو دڵ دەبیت، بەڵام ئارامبەو ئەمە زۆر ناخایەنێت و وردە وردە لەم فشارە دەروونیە رزگارت دەبێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١




زۆر بە پەرۆشەوە کاردەکەیت و لە هەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە لەم بارەیەوە بڕیارێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بدەیت و ئەنجامێکی باشی هەبێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩




بەخێرایی گۆڕانکارییەکی ئیجابی دەکەیت لە بواری ئیش و کارەوە، ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوو بگەیتە ئەنجامێکی باش و گرفتێکیشت بەرەو چارەسەری بڕوات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



بەخت خەندەت بۆ دەکات و ئەزموونی زیاتر وەردەگریت، لەئەنجامی چەند پێشوەچوونێك وانەیەکی باش وەردەگریت، ڕەنگە دڵت بۆ کەسێك بکەویتە دڵە خورپە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



زیاتر لەماوەی پێشوو خۆت بە حیساباتی داراییەوە خەریك دەکەیت و بیر لە داهاتی زۆرتر دەکەیتەوە، پێویستە هاوسەنگییەك بۆ خەرجییەکانت دابنێیت.

ئا: فەرهاد محەمەد ئازگەیی

## ئاسۆیی:

١- بازاڕی پارە لە ئەمەریکا(پ)- خواردنەوەیەکە(پ).
٢- چیایەکە لە ئەمەریکا(پ)- یاریزانێکی کامیرۆنیە.
٣- مارس(ت)- پەنجە(پ).
٤- یاریزانێکی ئینگلیزییە- دارێکە(پ).
٥- مانا(پ)- سەرۆکی پاکستان.
٦- شارێکی کوردستانە.
٧- قسەی کرد(پ)- کچە گۆرانیبێژێکی فارسە.
٨- وەکو یەك- نیوەی مامز- نەخێر.
٩- دوو پیتی داس- پەرلمانی روسیا(پ)- ئارەزوو(پ).
١٠- مانگێکی کوردییە.
١١- سەرۆکێکی ئەمەریکی بوو بۆمبی ئەتۆمی بەکارهێنا لە دژی(یابان) ژاپۆن.

## ستوونی:

١- گوڵچی هەڵبژاردەی ئەمەریکا.
٢- زمانێکە(پ)- فرۆکەخانەیەکە لە بەریتانیا(پ).
٣- وڵاتێکی ئەوروپییە.
٤- مۆسیقاژەنێکی جیهانی بوو(پ)- رخام(ت).
٥- ئامێرێکی مۆسیقایە(پ).
٦- پرس- کوت(ت).
٧- نوێنەری حکومەتی هەرێم لە نەتەوە یەکگرتووەکان.
٨-کۆمپانیای نەوتی نەرویجییە(پ)- بۆ.
٩- شارێکی کوردستانە- ڕەفە(پ).
١٠- تال(ت)- رادیۆیەکی کوردییە.
١١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە.

## مانای شتەکان لەخەوندا

پێکەنین: پێکەنین بەدەنگی نزم وەك زەردەخەنە، خۆشی و شادییە. پێکەنین بە دەنگی بەرز گریانە، ئەگەر یەکێك بە دڵەوە پێ بکەنێ مژدەی ئەوەیە کوڕیان دەبێت، ئەگەر یەکێك لەسەرخۆ وەك زەردەخەنە پێ بکەنێ ئەو کەسە پیاو چاکە، ئەگەر زەوی پێ بکەنێ ئەو ساڵە کشت و کاڵ باش دەبێت، ئەگەر مردو پێ بکەنێ لەو دنیایە باری زۆر باشە.

سەرچاوە: خەوننامە

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بەردەڕەش) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ژێر)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٧+٦+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (بەشێکە لەجەستەی مرۆڤ، گەورەترین ئێسقانی تێدایە)
- پیتی خانەکانی (٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بەڵێ)

